## بۆ/ ڕای گشتی و گەلی کوردی موسوڵمانان

# سەرکردایەتی یەکێتی هەڵمەتێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی بۆ ناشرین کردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەست پێ کردووە .

**- جەماوەری بەشەرەفی کوردستان....**

**- گەلی کوردی موسڵمانمان....**

**- گشت لایەنە کوردستانی و ئیسلامییەکان....**

**- گشت کەسایەتی و ڕۆشنبیرە بەڕێزەکان....**

لای هەموویان ئاشکرایە کەگەلی کورد بە ئارەزووی خۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی پەسند کردووە و ئێستا ئایینی زۆرینەی گەلی کوردمانە، کەواتە ڕێزگرتن لە ئایینی ئیسلام، ڕێزگرتنە لە بیروباوەری زۆرینەی گەلی کوردمان و بە پێچەوانەش بێڕێزی بەرامبەر ئیسلام سوکایەتی کردنە بە زۆرینەی گەلی کوردمان . هەموو لایەکمان دەزانین کە ئەگەر گەلی کورد چەوساوەتەوە و لە مافەکانی بێ بەش کراوە ئەوا هۆیەکەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەبووە، بەڵکو شوڤینیەت و دەمارگرژی و ڕەگەزپەرستی دوژمنانی دوور و نزیك، هۆی مەینەتیەکانی گەلە چەوساوەکەمان بووە .

بەلام بەداخەوە سەرکردایەتی ( ینك )، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە دروشمی مۆدێرنیزم و دژایەتی ئایینی هەڵگرت بوو، هەموو هەوڵ و کوششی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەوڵدان بۆ ناشرین کردنی ئەم ئایینە لای جیلی نوێ . واتا ( ینك ) تەنیا دژی ئیسلامی سیاسی نیە ، بەڵکو دژایەتی خودی ( ئیسلام ) دەکات . هەروەك چۆن سکرتێری ( ینك ) لە هەشتاکان وتبووی :-(( **تا قورئان لە ناوماندا بێت ، بەدواکەوتوویی دەمێنینەوە و دەبێ گشت قورئانەکان کۆکەینەوە و سواری وشتری بکەین و بۆ عەرەبەکان ڕەوانەی بکەینەوە** ))، ئەوا ئیستاش سەرکردایەتی ئەم تاقمە بەرنامەی داڕێژراویان هەیە ، بۆ هێرشی سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، بەو جۆرە کە بەسەرپەرشتی ( **مەلا بەختیاری** ) بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ئەم تاقمە ، خەریکە زنجیرە چاپەمەنییەك دەردەچێ، **کە تیایدا هەوڵ دراوە بە درۆ و دەلەسەی بێبنەما وانیشان بدرێت، ( قورئان ) کتێبێکی لاوازی پڕ لە کەم و کوڕی دروستکراوی پێغەمبەری ئیسلامە ، هەروەها هەوڵ دراوە کەسایەتی پیرۆزی پێغەمبەری ئیسلام ناشرین بکرێت و کار گەیشتۆتە گەمە و گاڵتە بە پێغەمبەر و خێزان و هاوڕێکانی !!!**

لەم چاپەمەنیانە کە بە شێوەیەکی نهێنی لە چاپ دەدرێن، وانیشان دراوە کە کتێبەکان لە دەرەوەی هەرێم چاپ کراون ، بەلام ئێستا ئاشکرا بووە کە ئەم کتێبانە بە بودجەی ( ینك ) و سەرپرشتی ( **مەلا بەختیار** ) لە چاپخانەی ( **رەنج** )ی سەر بە هەفتەنامەی ( هاوڵاتی ) چاپ دەکرێن ، یەکەم کتێب لەو زنجیرەیە بە ناوی ( **جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ** ) بوو و دووەمینیشیان بە ناوی ( **خوێننامە** ) کە مەبەستی قورئانی پیرۆزە . ئەم دوو کتێبە هەردووکی لەو چاپخانەیە و بە پارەی ( ینك ) دەرچووە . گوایە کتێبی دیکەشیان لەو زنجیرەیە بۆ چاپ ئامادە کردووە ، تێکرای ئەم کتێبانەش بە تیراژێکی زۆر لە ناو جیلی نوێ و بە تایبەت زانکۆ و پەیمانگاکاندا بە خۆرایی بلاو کراوەتەوە .







**نموونەی بەرگی پێشەوەی هەردوو کتێبەکە**

## جەماوەری بە شەرەف و موسوڵمانی کوردستان ...

ئیمرۆ لەو کەشە ئازادەی کوردستان، وێرای ئەرکی سەرشانمان بۆ بەرگری لە دەستکەوتە پیرۆزەکانی گەلەکەمان، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکیشمانە، کە بەرگری لە بیروباوەرە پیرۆزەکانی زۆرینەی گەلەکەشمان بکەین ، بۆیە ئەم کارەی ( ینك ) هێرشێکی راستەوخۆیە بۆ سەر زۆربەی گەلی کوردمان و لەوانەش هێرش بۆ سەر بیروباوەری زۆربەی ئەندامانی خودی ( ینك )، **چونکە زۆر لە ئەندامانی ( ینك ) کە بیروباوەری تەواویان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەیە هێشتا بۆیان روون نەبۆتەوە کە دژایەتی ئیسلام لە**

**ئامانجه ستراتیژیه‌كانی سه‌ركردایه‌تی ( ینك )ه** . ئه‌م تاقمه گه‌ر به ئاشكراش ئێستا ناتوانێت دژایه‌تی ئایین بكات ، ئه‌وا به‌و هه‌وڵه نه‌گریسه‌ی به نیازه پێگه‌ی ئیسلام بۆ داهاتووی كۆمه‌ڵگای كوردی لاواز بكات . ئێمه له كاتێكدا كه ئه‌م كرده‌وه‌ی سه‌ركردایه‌تی ( ینك ) ئیدانه و ریسوا ده‌كه‌ین ، له هه‌مانكاتیشدا داوا له گشت كه‌رت و چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگای كوردیمان ده‌كه‌ین كه له دژی ئه‌م هه‌وڵه‌ی ( ینك ) هه‌ڵوێست بنوێنن و ئه‌م پیلانه چه‌په‌ڵه‌یان پووچه‌ڵ بكه‌نه‌وه . ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ( ١٤٠٠ ) ساڵه زۆر هێرش و پیلانی له‌م جۆره‌ی تووش هاتووه ، به‌ڵام هه‌روا به هێز و پایه‌دار ماوه‌ته‌وه و ئه‌مجاره‌ش به‌م هه‌وڵه نه‌زۆكه‌ی ( ینك ) هیچ له پله و پایه‌ی ئه‌م ئاینه پیرۆزه لای گه‌له‌كه‌مان كه‌م نابێته‌وه . به‌ڵام پێویسته ئیتر گه‌له‌كه‌مان ڕووی دزێوو ناشرینی سه‌ركردایه‌تی ( ینك )ی بۆ ئاشكرا ببێت و بزانێت كه ئه‌مانه نه‌ك هه‌ر هۆی زۆربه‌ی كوشت و كوشتاری ناوه‌خۆی گه‌له‌كه‌مان بوونه ، به‌ڵكو دوژمنێكی سه‌ره‌كیی دیموكراسی و ئازادیی ئه‌م گه‌له چه‌وساوه‌ن چونكه هه‌میشه له دژی ئیراده و ویست و بیروباوه‌ری زۆرینه‌ی گه‌ل بوونه . دژایه‌تی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش له دیارترین كاره نادیموكراتیه‌كانیانه .به‌و هیوایه‌ی گشت لایه‌ن و كه‌رت و چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌كه‌مان به وریاییه‌وه رووبه‌ڕووی ئه‌م پیلانه چه‌په‌ڵانه‌ی (ینك) ببنه‌وه، تاكو وه‌كوو گشت هه‌وڵه‌كانی تری دژه جه‌ماوه‌رین مایه‌پووچ ده‌ربچێت.

**كۆمه‌ڵێك له لاوانی نه‌ته‌وه‌یی موسوڵمانی كورد**

٢٠٠٢/١٢/٢٨

**هاوپێچ:/ به‌رگی پشته‌وه‌ی هه‌ردوو كتێبی ناوبراو**

# THE IGNORANCE OF ISLAM AND THE CONTEMPORARY WORLD

BY ARAM RASHEED
www.geocities.com/aramrashid
E-Mail: Aramrashid@yahoo.com

"ریشەکێشکردنی یەکجاری خورافەر نابێن، تەنهار تەنها بە خەبات و بە رەخنەی عەمەلی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەر نابێن، بە خەباتی چینی کرێکار بۆ سۆسیالیزم بەندو گرێدراوە. هەر کاتێك خوداکانی سەر زەوی یانی سەرمایەداران لەناو بچن، ئەوکاتە خودای ئاسمانەکانیش لەناو ئەچن، کە هەردوولایان بەرگری لە یەکتر ئەکەن.

خوداکان پارێزگاری لە چینە دەسەڵاتدارەکان یانی سەرمایەداران ئەکەن، هەر بۆیە سەرمایەدارانیش پارێزگاری لەوان ئەکەن. بەڵام خوداکان پارێزگاری لە چینی کرێکار ناکەن، هەر بۆیە ئەوانیش پارێزگاری لە خوداکان ناکەن.

تەنها چینێك کە بیەوێت و بتوانێت خوداکان بە یەکجاری لەناوبەرێت چینی کرێکارە، چەکوشی دەستی کرێکاران لەو کاتەدا کە سەرمایەداری لەناو ئەبات، لە هەمان کاتدا خوداکانیش لەناو ئەبات. کەواتە کرێکاران بە شۆڕشی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، بۆرژوازی و خودای بۆرژوازی لە دەسەڵات لائەبەن و، دەسەڵاتی خۆیان لە شوێنیدا دائەنێن. ئەوکاتە دۆزەخی هەموو تەبەقەی ناخی زەوی لەناوئەبەن، بەهەشتی ژێر عەرشی خودا ئەهێننە خوارەوە بۆ سەر زەوی و، قورئان و پەرتووکەکانی هاوبابەتی ئەو، بۆ هەتا هەتایە ئەبنە مۆزەخانەی مێژوو.

هەر ئەو ڕۆژەش دوا بزمار لە تابووتی سەرمایەر ئابێن ئەدرێت!"

نرخی ( ) دینارە

بەرگی پشتەوەی کتێبی ( جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ )
سەرنجی نووسینەکانی سەر بەرگ بدەن

www.kurdistannet.org 4-1-2003




بەرگی پشتەوەی کتێبی ( خوێننامە ) کە تیایدا هەوڵ دراوە بسەلمێنرێت
قورئان کتێبێکی ئاسمانی نییە.
سەرنجی نووسینەکەی سەر بەرگ بدەن.